بافڵ تاڵەبانی: نابێت گەلی کورد پەراوێزبخرێت و پێویستە بەشداری راستەقینە بکات لە بنیادنانی سووریا

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان پێشوازی لە ستیفن هیچن، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد، لە دیدارەکدا دوایین پەرەسەندنە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

بافڵ تاڵەبانی سەبارەت بە دۆخی سووریا و رۆژئاوای کوردستان دووپاتی لە پاراستنی مافی هەموولایەک لە چوارچێوەی دەستوورێکی نوێدا کردەوە کە ببێتە مایەی ئارامی و کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکان و رایگەیاند، نابێت گەلی کورد پەراوێزبخرێت و پێویستە بەشداری راستەقینە بکات لە بنیادنانەوەی سووریادا و هەر هەوڵێکیش لە دەرەوەی ئەم ویستە بە زیان بۆ وڵاتەکە دەشکێتەوە.

هەر لە دیدارە بەهۆی کۆتاییهاتن بە ئەرکەکەی لە عێراق، تاڵەبانی هیوای سەرکەوتنی بۆ ستیفن هیچن لە ئەرکی داهاتوویدا خواست و پابەندبوونی یەکێتیی دووپاتکردەوە بە پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان لەگەڵ بەریتانیادا بە شێوەیەک ببێتە مایەی بەهێزترکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.